





# شـــيـلـــيى

يەكێک لە رژێمە خوێناوییەکەی جیهان رژێمی پینۆشیتی شیلی بوو...ئەو دیکتاتۆر و خوێنمژە بە کوشتن و ئازاردانی خەڵکی شیللی حوکمی دەکرد...راست و چەپ خەڵکی تێکۆشەری زیندانی دەکرد...رێگای نەدەدا



کەس لەل بکات...ئەمریکای ئیمپریالی پاڵپشتی بوو...سانتیاگۆی پایەتەخت ببووە بنکەی س.ئای.ئەی{CIA}...خەڵکی شیللی ئاوارەی وڵاتانی دنیا کرد...هەژاری و بێکاری و نەخوێندەواری هەموو وڵاتی گرتبۆوە...ژەنەرال ئاوگوستو خوسیە رامون پینوشیت ئوگارتە { Augusto Jose Ramon Pinochet Ugarte} لە 25 / 11 / 1915 لەدایک بووە...لە 1973/9/11 بە کۆدێتای

(ئینقلابی) سەربازی دەسەڵاتی لە سەلڤادۆر ئەلەندی سۆسیالیست وپێشکەوتوخواز وەرگرت...لە ساڵی 1973 – 1990 دیکتاتۆری شیلی بوو، لە ساڵی1990- 1998 بووە سیناتۆر...لە 1998/10/16 لە ماڵەکەی لەندەن دەستبەسەرکرا پاش ئەوەی دادوەر بالتەسار گارزۆن {Baltazar Garzon } تاوانباری کرد بە کوشتنی زیاتر لە 3000 مرۆڤ...ئەوا چەند جارە دادگایی دەکرێت و ئێستاکەش وا لەسەر کورسیەکەی وەکو تاوانبار ژیانی کەساسی بەڕێ دەکات...سەلڤادۆر ئەلێندی { Salvador Allende } لە 1908/6/26 لە شاری ڤالپارایسۆ{Valparaiso } لە دایک بووە و لە 1973/9/11 لە سانتاگۆ شەهید کرا...ساڵی 1970 بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە حوکمی وەرگرت و یەکەم رژێمی سۆسیالیستی لە شیللی دامەزراند...هونەرمەند و شاعیر و گۆرانی بێژ ڤیگتۆر ژارا {Victor Jara } لە 1932/9/28 لە دایک بووە و لە 1973/9/16 بەشێوەیەکی درندانە ئەشکەنجەدرا و پاشان 41 گوللەیان لێدا و لە گۆرستانێکی سانتیاگۆ فرێدرا...دژی فاشیزم بوو لە ئەمریکای لاتینی و گۆرانی بۆ مرۆڤایەتی دەگووت...لویس کورڤالان {Luis Alberto Corvalan Castillo } سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی شیللی لە 1916/9/14 لە شاری پۆرتومونت {PuertoMontt } لەدایک بووە...یەکێک بوو لە زیندانەکانی گرتوخانەی دیکتاتۆر پینۆشیت ، ساڵی 1976 یەکێتی سۆڤیەت گۆریەوە لەگەڵ زیندانیەکی خۆی کە ناوی ڤلادیمیر بوکوڤسکی بوو...




میشێل باشیلێت {Michella Bachelet } تەمەنی 54 ساڵە ، دایکی سێ منداڵە و پزیشکە ،کاتێک رژێمی میلیتاری هەوڵی گرتنی دا ناچاربوو وڵات بەجێ بهێڵی و پێنج ساڵ لە ئاوارەیی بژی ، بە زۆربەی دەنگ هەڵبژێردرا بە سەرۆکی تازەی شیللی ...میشێل یەکێکە لەو حەوت سەرۆکە چەپانەی کە دەسەڵاتیان لە ئەمریکای لاتینی وەرگرتووە وڵاتەکانیش ئەمانەن: {{{بەرازیل ژمارەی دانیشتوانی 182میلیون سەرۆک لولا دا سیلڤا(Lula da Silva )...ئەرجەنتین ژمارەی دانیشتوانی 39 میلیون سەرۆک نیستۆر کیرشنیر(Nestro Kichner )...ڤەنزوێلا ژمارەی دانیشتوانی 24،7 میلیون سەرۆک هۆگو شاڤاز(Hugo Chavez )...شیلی ژمارەی دانیشتوانی 15،7 میلیون سەرۆکی میشێل



باشیلێت(Michelle Bachelet )...کوبا ژمارەی دانیشتوانی 11،2 ملیون سەرۆکی فیدیل کاسترۆ( Fidel Castro )...بۆلیڤیا ژمارەی دانیشتوانی 8،6 ملیون سەرۆکی ئێڤو مورالێس(Evo Morales )...ئۆرۆگوای ژمارەی دانیشتوانی 3،4 ملیون سەرۆکی تابارێ ڤازکوێز(Tabare Vazquez )}}}... تەمەنی رژێمی دیکتاتۆری تەمەنێکی کورتە ئەگەرچی توندوتیژە ،ئەوا لەدوای دیکتاتۆر پینۆشیت وا صدام حوسین دیکتاتۆر دادگایی دەکرێت و ئەو رۆژەش نزیکە کە سیستەمێکی دیموکرات و سۆسیالیست شوێنی بگرێتەوە.

**فەهد گردەوانی 2006/1/28 ستۆکهۆڵم**